KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:35 12-12-2007

## گەنجی کەرکوک نەوەیەکی سەرگەردان ... هێمن کامیل

کەرکوك



لە مێژووی کوردا هیچ کاتێك هێندەی ئێستا باسکردنی نەوەیەك کە پێی دەوترێت گەنج نەبوە بە جێگەی قسەلە سەرکردن ولە بەرامبەردا هیچ کاتێك ئەوەندەی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردی توێژی گەنج بی هیواو تۆراو بێزارنەبوە.
لەوانەیەلە ڕابردووی ئێمەی کورد لەم بەشەی کورد ستاندا بە بەراود لە گەڵ ئێستا زۆر تاریك ترو ڕەشتر بوبێت، بەڵام چاوتێبڕین لە ئایندەیەك وهەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی وگەیشتن پێی فاکتەرێك بوە کە هەمیشە تاکی کوردو بە تایبەت گەنج گوی بە تارکییەکانی ژیان نەدەن وبە هیوای گەیستن بە ورووناکیە کۆشش بکەن.
بۆیە ئەتوانم بڵێم بەهەشتێك کە هەموان چاوەڕوانی بوین و لە پێناویدا زۆرترین ئازارەکانی دۆزەخمان بینی وچەشت. و سیاسیەکانیش ڕۆڵیان هەبوو لە دروستکردنی ئەو بەهەشتەی کە لە ئایندەدا پێی دەگەین. بەڵام ئەمڕۆ دوای ئەوەی گەنج بی هیوا بوو لەو مژدەیەی سیاسیەکان لە ڕابردودا پێیان دابووین، دەربارەی ئەو بەهەشتە. هەربۆیە کارێکی مەحاڵە ئەگەر دەسەڵات وسیاسیەکان بەم لۆژیکەی ئێستایان بیانەوێت جارێکی تر مرۆێك کە پێی دەوترێت گەنج لە گەڵ خۆیان ئاشتی بکەنەوەو توڕەبونەکەیان کەم بکەنەوە.
بە تایبەتی گەنجی جارێك کە سەرجەم مرۆڤەکانی لە شێوە ژیانێکی سەرگەردان دا دەژین کە ئەویش شاری کەرکوکە کە مەبەستی سەرەکی بابەتەکەمە. چونکە قسەکردن ومامەڵکردنی ڕۆژانەم لە گەڵ گەنجاندا ئەو بڕوایەی لە لادروست کردوم کە هەر گیز رۆژێك نەبوە ئەوەندەی ئەمڕۆ گەنج بی هیواوخۆزگەو ئەوەندە ڕەشبین بڕوانێتە ئایندەی، لە هەمووی واڕستربوون ئەو ژەهرەیە کە لە ناوگەنجانی ئەم شارەدا دەڕێژرێت کە ئەویش بە حیزبیکردنی گەنجە یان ناچارکرنی بە حیزبی بونێتی لە پێناوی دەستە بەرکردنی بەشێك لە پێویستیە هەنوکەییەکانی ژیان. بەمەش گەنج لە ئەرکی سەرەکی خۆی دوردەخرێتەوەو زۆر جار شەڕێکی پێ دەکرێت کە هی ئەو نیە. دیارە ئەو واقیعەی لە شارەکەدا هەیە کە زیاتر هەلی ڕەخساندوە بۆ حیزبەکان تاوەکو بیتوانن ئەو ژینگەیە دروست بکەن وگەنج ببی بەو نێچیرەی کە بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت.
لەم پێناوەشدا پارەیەکی بی ئەژمار خراوەتە کارو لە ڕێگەی حیزبەکانەوە بۆ ئەم کارە بە کار دەهێنرێت. هەر بۆیە بە سەدان گەنجی ئەم شارە کە خاوەنی بڕوانامەن وبە هۆی حیزبی نەبونیانەوە دانامەزرێن و، ئەمە جگە لەوەی لەم شارەدا کە دانیشتوانەکەی زیاترە لە ملیۆنێکودووسەد وحەفتا هەزارو بە دڵنیاییەوە دەیان هەزار گەنجی تێدایە پارکێك نیە بۆ پشودان و ڕۆژانە جوانیەکانی ئەم شارە لە ناودەبرێت و لە جیگەی ناشرینیەکان جیگەی دەگرنەوە بەڵام نابینین دەسەڵات هیچ سڵێك بکاتەوە لەم مامەڵە کردنە وتوڕەیی وبێزاری گەنجانیش تا ئێستا نەتوانراوە لە چوار چێوەی ڕێکخراوکۆمەڵەیکدا یەکبخرێت وتاوەکو چیتر ئەو هەموو بێڕێزییە بە نەوەیەك نەکرێتکە بە شێکی گرنگ وسەرەکیکۆمەڵگە پێك دەهێنن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێویستە سیاسیەکان ئەوەبزانن کە بە حیزبیکردنی گەنج واتای گویگرتن وبە هەند وەرنەگرتنی تورەیی وبێزارییەکانی گەنج نیەو حیزبەکان بەم کارەیان ئەگەر هەنگاوێك لە گەنج نزیك ببنەوە ئەوا دەیان هەنگاو دوردەکەونەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.